مەهاباد قەرەداغی



# بە ماتماتیکی سیاسەت

# ئەنجامی کورد لە عێراقدا یەکسانە بە هیچ!

بەشێک لە مرۆڤ حیزب دەگۆڕن لە پێناوی باوەڕەکەیاندا، بەشێکی تریان باوەڕیان دەگۆڕن لە پێناوی حیزبەکەیاندا.

وینستۆن چەرچڵ

## لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا.

## کورد بەشداری بکات یان نا.. ئەمە پرسیارەکەیە:!

دوو بۆچوونی زەق پێشبڕکێ دەکەن بۆ گەیشتنە گوێی دەنگدەرانی کورد و هەر یەکەشیان لە لۆژیک دەگەڕێت بۆ بەڵگەدارکردنی بۆچوونەکەی خۆی و داپۆشینی ئەم پرسیارە سادەیەی سەرەوە بە وەڵامێکی قایلکەر، کە سەبارەت بە پرسی ئاڵۆزی کورد لە قۆناغی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، خۆی دەسەپێنێت.

"کورد بەشداری نەکات باشە، بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، لە بەرژەوەندی کورددا نییە و لە ئەنجامیدا کورد مایە پووچ دەبێت." ئەمە بۆچوونی یەکەمە و کوردانی سەربەخۆییخوازی ناوەوەی کوردستان و هەندەران هەڵگری بیرەکەیین و بە بەڵگەی لە مێژوو و جوگرافیا پشتئەستوور دەکەن و دەسەلمێنن.

"کورد بەشداری بکات باشە، بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا لە بەرژەوەندی کورددایە و چارەنووسی کورد بەندە بە ڕێژەی دەنگەکانی و پێویستە بە کاریگەرییەوە بەشداری بکات." ئەم بۆچوونە حیزبەکانی کوردستان و بە تایبەتی پدک و ینک هەڵگری بیرەکەین و، خەڵکیان خاترجەم کردووە لەوەی ئەمریکا ڕێگەی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نادات،کەواتە پێویستە لەناو عێراقدا دەسەڵات بەدەست بهێنێن.

هەڵگرانی بۆچوونی "ئەرێ بۆ بەشداری"، پێیان وایە کە هەڵگرانی بۆچوونی "نا بۆ بەشداری" لە سیاسەت تێنەگەیشتوون و بایەخی ئەو هەڵبژاردنانە نازانن. نیگەرانی ئەوەشن کە هەڵگرانی بۆچوونی "نا" کاریگەری لەسەر شەقامی کوردی دابنێن و گومان لەسەر بەڵگەکانی "ئەرێ" بوروژێنن.

بە بۆچوونی من، کە لەگەڵ بۆچوونی "نا بۆ بەشداری" دا کۆکە، سیاسەتمەدارانی کورد هەقیانە نیگەران بن، چونکە کوردانی هەندەران، ئەوانەیان کە خاوەنی بۆچوونی "نا بۆ عێراق، بەڵێ بۆ کوردستان" ن و ڕەنگە 90% ی کوردانی هەندەران هەڵگری ئەم بۆچوونە بن، ئەگەرچی خۆشیان بۆیان نەبێ بەشداری لە هەڵبژاردندا

بکەن و هەڵوێستی ڕاستەوخۆی خۆیان "کە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنە" بنوێنن، دەتوانن کەس و کار و دۆست و هاوەڵەکانیان لە کوردستان بۆ ئەو مەبەستە هان بدەن کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن، دیارە ئەمڕۆ لە کوردستاندا کەم خێزان هەیە کەسێ یان چەند کەسێکیان لە هەندەران نەبێ. ئەمڕۆ ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەناوخۆی کوردستانەوە ئەوەندە ئاسانە، کە دەتوانن لە سەر سندوقی دەنگدانیش بێت، ڕایان پێ بگۆڕن و وا بکەن کە دەنگ بۆ عێراق نەدەن. وەلێ سیاسەتمەداران و عێراقخوازە کوردەکان هەق نییە پێیان وا بێ ئەو بۆچوونەی کوردستانخوازان هەیانە و ئەو هەڵوێستەی کە لە شەقامی کوردی دەیانەوێت، لە ناسیاسیبوون و سۆزناکییەوە بێت، چونکە هەردوو لا تەنها بە بەڵگە دەتوانن بیسەلمێنن کام سیاسەت ئەمڕۆ لە بەرژەوەندی کورددایە.

مەرج نییە هەر بۆچوونێ حیزبی فەرمانڕەوا و حکومەت ڕیکلامی بۆ بکات سەربگرێت. نموونەیەکی بەرچاو لە سوێددا ڕوویدا کاتێک کە بۆ گۆڕینی دراو لە کرۆنەوە بۆ یۆرۆ هەڵبژاردن کرا و، پارتی فەرمانڕەوا و هەندێ لە پارتەکانی دییش بە هەموو توانای خۆیانەوە هەوڵیان دا هاوڵاتی سوێدی قایل بکەن کە یۆرۆ لە بەرژەوەندی ئەواندایە و یۆرۆ هەڵبژێرن، نەیانتوانی و لە ئاکامدا "نا بۆ یۆرۆ" بە ڕێژەیەکی سەرسامکەر بردیەوە. بۆ نموونە :لایەنگرانی بەڵێ بۆ یۆرۆ لە هەڵمەتی ڕاگەیاندندا بۆ بەڵگەی باشی یۆرۆ دەیانگووت: دەنگ بۆ یۆرۆ بدە، ئیدی لە کاتی سەفەرکردندا پێویست ناکات پارەبگۆڕیتەوە! لایەنگرانی نا بۆ یۆرۆ دەیانگووت: ئەم بەڵگەیە وەک ئەوە وایە بڵێن: سەرت بتاشە، ئیدی پێویستت بە شانە نییە.

من بەڵگەی حیزبەکانی کوردستان و لایەنگرانی "بەڵێ بۆ عێراق" ڕێک وا دەبینم کە "سەری کورد بتاشن و ئاوێنەیەکیشی بدەنە دەست و بڵێن سەیرکە چەند جوانی!" کاتێک دەڵێن چارەنووسی کورد بە عێراقەوە بەندە و کورد دەبێت کاریگەرانە بەشداری ئەو هەڵبژاردنە بکات تا نەبێتە هاوڵاتی پلە دوو! ئاخر ئەم ڕایە چۆن دەتواندرێت بەڵگەدار بکرێت؟! خۆ سیاسەت شیعر نییە بهۆنرێتەوە، هاوکێشەیە و شی دەکرێتەوە، کورد پێویستە لە هاوکێشەی سیاسیدا لایەنگری هاوسەنگی بێت نەک لاسەنگی. لەوە ئاسانتر نییە کە بیسەلمێنین مانەوەی کورد لەگەڵ عێراقدا سەنگی کورد سووک دەکات و، هاوکێشەکە لاسەنگ دەبێت. ئەو هەلەی ئەمڕۆ لەئارادایە بۆ دروستکردنی ستاتووی سیاسی کورد لەم بەشەی کوردستاندا، دەرفەتێکە و نابێت لەدەست بدرێت، کورد قەت نابێت بە هاوڵاتی پلە یەک لە وڵاتێکی تردا، کورد لە عێراقدا لە باشترین حاڵەتیشدا و ئەگەر بە هەموو سەنگی خۆشیەوە دەنگی بۆ بدات چارەکێکە نەک نیوەش. واتە کاریگەری نییە و نابێت بە دەنگی بڕیاردەر، ئەمەش خۆ بە خۆ ئەوە دەگەیەنێت کە "تەنانەت" ئەگەر سیستەمی وڵاتی عێراق دیموکراسیش بێت "کە ئەمەیان بە ڕای من تا بیست ساڵی تریش مەحاڵە"، هێشتا هەر کورد بە پاشکۆیی و پلەدوویی دەمێنێتەوە. بە ژمارە و پێوانەو بەڕێژە کورد لە عێراقدا هەر بە کەمایەتی چاوی لێدەکرێت.

سیاسەتیش دەکرێ بە ماتماتیک ئەنجامەکەی بپێورێت. من وەکو هەڵگرێکی بۆچوونی "نا بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەڵێ بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە کەرکووک و خانەقینیشەوە" ، هەوڵ دەدەم ماتماتیکیانە ئەنجامی سیاسەتی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق شی بکەمەوە و هەنگاو بە هەنگاو

بیسه لمێنم. با به رهه ڵستکارانی ئه م بۆچوونه ش بێن و به ماتماتیک بۆمان بسه لمێنن که کورد له عێراقدا مافی پارێزراو ده بێت و کاریگه ر ده بێت.

له ئه ندازه دا بیردۆز هه یه ، له بیردۆزه کاندا لۆژیکێک هه یه به هه نگاوی ئه ندازه یی ده سه لمێندرێت. به سێ هه نگاو ئه نجام ده دات به ده سته وه، دراو، داواکراو، سه لماندن. من به م شێوازه ئه ندازه ییه بۆچوونی خۆم و لۆژیکی نا بۆ به شداری کورد له عێراقدا، ده سه لمێنم.

## دراو:

- کوردستان دابه شکراوه و به شی باشووری کوردستان عێراق داگیری کردووه . (په یماننامه ی لۆزان به ڵگه یه ).
- کوردستان و عێراق دوو نیشتیمانی جیاوازن. (جوگرافیا به ڵگه یه )
- کورد گه لێکی ژێرده سته . وه ک کۆیله ته ماشا کراوه و ده کرێ (مێژوو به ڵگه یه ، کاره ساته کان جینۆسایدی ئه نفال و هه ڵه بجه و بارزانییه کان و هتد.. به ڵگه ن)
- کورد ده یه وێت له دۆخی کۆیله بوون و ژێرده ستی ئازاد بێت. (شۆڕشه کانی سه ده ی بیسته می هه ر له شۆڕشی شێخ مه حموده وه ، تا شۆڕشه کانی بارزان و ئه یلوول و گوڵان و شۆڕشی نوێ،به ڵگه ن)
- کورد مافی سه ربه خۆیی هه یه و مافی دامه زراندنی ده وڵه تی کوردی هه یه .(یاسای نێونه ته وه ییش ڕێگه ی پێ ده دا، یاسا نێونه ته وه ییه کان و بنه ما گه ردوونییه کانی مافه کانی مرۆڤ به ڵگه ن.)
- کورد ده توانێ خۆی ولاتی خۆی به ڕێوه به رێ. (چونکه ده وڵه مه نده و ژێرزه مینی کوردستان پڕه له زێڕی ڕه ش، که رکووک و خانه قین به ڵگه ن)

## داواکراو:

- کورد به شداری هه ڵبژاردن نه کات و له به رژه وه ندیدا نییه .
- بایکۆتی هه ڵبژاردن بکات و به و هه ڵوێسته دنیا له داخوازییه که ی تێبگه یه نێت که "جیابوونه وه له عێراق"ی ده وێت.

## سه لماندن:

- ئه گه ر سه رجه م کورد بایکۆتی هه ڵبژاردنه کانی عێراق بکات، خۆی باشترین ڕیفراندۆمه و کاریگه رترین خواسته که به ڕێکخراوی نه ته وه یه کگرتووه کان، کۆمه ڵگه ی نێونه ته وه یی و هێزه گه ردوونییه په یوه ندیداره کانی بگه یه نێت.

- که ئه م هه ڵوێسته هی تێکڕای کوردی باشوور بێت جیهان ناتوانێ فه رامۆشی بکات و ئیدی ناتوانرێت وه ک پرسێکی نێوخۆیی عێراق له پرسی کورد بڕوانرێت. پرسی کورد ده بێته پرسێکی نێونه ته وه یی و ده بێته خاڵی یه که م له ڕۆژڤی سیاسه تی ئه مریکا، ئه وروپا و ڕێکخراوی نه ته وه یه کگرتووه کان.

- لەبەرامبەر ئەم خواستە گشتییەدا دەوڵەتانی دراوسێ، کە بەشەکانی تری کوردستانیان داگیرکردووە، ناتوانن بەرهەڵست بن. تورکیا لە تەقەلایدا بۆ چوونە نێو بازاڕی ئەوروپادایە، هەر جوڵەیەکی ناسیاسی تر دەساڵ لەو خواستەی دووری دەخاتەوە. ئێران تۆماتبارە بە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، پێشێلکاری مافی مرۆڤ، مافی ژن و تاوانی دیکە و ئەمریکا لە کەمیندا بۆی. سووریاش وەک مۆڵگایەکی تیرۆریستان دەستنیاشان کراوە و ئەم جەنگەڵەش ڕێگەی تاقە یەک شێر دەدات، بووش ئەم ڕۆڵە نادات بە "بەشار"، با نازناویشی "ئەسەد" بێت.

- کورد هاوکات لەم دەرفەتە سوود وەربگرێت و هەڵوێستی گەل و حکومەت و حیزبەکان یەک بێت لە پرسی سازشنەکردن لەسەر کەرکووک و خانەقین و ناوچە تەعریبکراوەکانی دی و گێڕانەوەیان و "بەکردەوە" کردنی کەرکووک بە دڵی، واتە پایتەختی کوردستان.

- لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە: کورد ناتوانێت لەگەڵ عێراقدا یەک کۆمەڵگەی هاوبەش پێک بهێنێت. بە پێی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی کۆمەڵگە ئۆرگانێکە لەکۆمەڵێ دەزگای پێکەوە پەیوەست، لەگەڵیەکدا تەبا و هاوبەش کار دەکات. ئەم پەیوەستی و تەبایی و هاوبەشییە لە نێوان کورد و عەرەبدا نییە و بەئاسانیش دروست نابێت.

- لە ڕووی دەروونناسییەوە: کورد لە ئەنجامی پێکەوەبوونی زۆرەملێیدا لەگەڵ عێراقدا و بە دەستی ڕژێمە دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتەدا، برینی دەروونی زۆر قووڵیان بۆ دروست بووە. تازەترین زامەکانی ئەنفال و هەڵەبجەیە کە لای کەم نیو سەدەی دەوێ سارێژ ببێتەوە. کەواتە ناتوانێ بەم زامە دەروونییانەوە لەگەڵ عێراقدا "با سەدامیش نەما بێت وبەعسیش فەرمانڕەوا نەبێت"، بە هێمنییەوە بژی. ئاکامی پێکەوە ژیانی کورد لەگەڵ ڕژێمی نوێی عێراقیشدا بەرهەمێکی ئازارەدەری دەبێت بۆ کورد.

- لە ڕووی سیاسییەوە: جیابوونەوەی کورد دەیکاتە خاوەنی ناسنامەیەکی سیاسی تایبەت بە خۆی لە نێو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا و کوردستانیش وەک قەوارەیەک لە نێو ئەتڵەسی جیهاندا جێدەگرێت. ڕاستە دەوترێت لە سەردەمی گلوبالیزمدا سنوورەکان دەسڕدرێنەوە و تا دێ کۆمەڵگە و دەوڵەتان یەکدەگرن و خاڵە هاوبەشەکانیان لەگەڵ یەکتریدا کۆدەکەنەوە، وەلێ ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە هیچ وڵاتێکی دنیاش لە پێناوی ئەو یەکگرتنەوەیەدا ناوی خۆی لە نەخشەی جیهاندا نەسڕیوەتەوە و ئاڵای وڵاتی خۆی لوول نەداوە و ستاتووی سیاسی خۆی نەخستۆتە خەتەرەوە. هەرگیز ئەو پاساوە بۆ دۆخی کورد قبوڵکراو نییە و بۆ هیچ گەل و وگتێکی دیکەش لەبار نییە. سوێد، ئەڵمانیا، دانمارک، فینلەندا و هتد دەتوانن و خاڵی هاوبەشیان هەیە کە پێکەوە لە یەکێتی ئەوروپادا پەیماننامەیان هەبێ، وەلێ هەر ئەم وڵاتانە نایانەوێ لەگەڵ وڵاتێکی نادیموکراسی دا پەیمان مۆر بکەن. کورد و کوردستانیش لەم هاوکێشەیە بەدەر نین، کورد دەتوانێ لە داهاتوودا لەگەڵ کوردستانەکانی دیکەدا "کە دەبن بە وڵات" هاوپەیمان و هاوسیاسەت بێت و سنوورەکانی

نێوانیان بسڕنەوە و بازاڕۆ هاوبەشیان هەبێت، وەلێ هەرگیز ناکرێ لەگەڵ داگیرکەرەکانیدا هاوپەیمان و هاوسیاسەت بێت. لۆژیک ئەوە قبوڵ ناکات.

- ئەمە بێجگە لەوەی عەرەبی عێراق زۆربەیان سەر بە ئاینزای شیعەن و، کورد زۆربەیان سەر بە ئاینزای سوننە. ئەم دوو ئاینزایەش لە ناو ئایینی ئیسلامدا ململانێ قووڵیان لە نێوانداو لە سەردەمی خەلافەتەوە هەتا ئەمڕۆ ئەم ناکۆکییە بەردەوامە.

**کەواتە:**

چونکە کورد بە بەڵگەی مێژوویی، جوگرافیایی، کلتوورناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و سیاسەتیش ناگونجێ لە ئەمڕۆدا بەشێک بێت لە عێراق.

ئەگەر هەڵوێستی کورد گشتی بێت و سەرانی کورد، گەلی کورد و حکومەتی کوردستان یەکڕا و یەکهەڵوێست بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن،

ئەگەر هەموو ئەڵقەکانی هێزی کورد، هێزی حیزبەکان، حکومەت، ڕووناکبیران و جەماوەر پێکەوە پەیوەست، پتەو و تەبا بن و بۆ ئەم مەبەستە لەم دەرفەتە سوودوەربگرن،

ئەگەر کورد بیەوێ خۆی خاوەنی کوردستان بێت نەک عێراق خاوەنی کوردستان بێت، بیەوێت ئازاد بێت و خاوەنی کەسایەتی سیاسی و مافە مرۆییەکانی خۆی بێت، نەک کۆیلەی ژێردەستی گەلانی تر، جیابوونەوە لە عێراق هەڵدەبژێرێت، واتە دەنگ بۆ عێراق نادات. بەم پێیەش پێویستە کورد بایکۆت(موقاتەعە)ی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکات و لەبەرژەوەندی کورددا **نییە و نابێت** مانەوە لەناو قەفەزی عێراقدا. گرنگ و چارەنووسسازە کورد بە یەکدەنگ بڵێت: نا بۆ عێراقی یەکپارچە، بەڵێ بۆ جیابوونەوەی کوردستان.

## (ئەمەش داواکراوەکەیە)

2004/11/12

ستۆکهۆڵم/ سوێد